# بەڕێز جەنابی دکتۆر لەتیف ڕەشید داوای لێبوردن بکە

عەلی مەحمود محەمەد

هاوولاتییە عێراقییەکان توڕە بوون لەوەی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا رۆنالْد ترامپ, ٤ لە ئەندامانی بلاك وتەری ئازاد کرد, کە تۆمەتبار بوون بە کوشتنی ١٤ هاووڵاتی سڤیلی عێراقی لە گۆڕەپانی نسور لە سەپتەمبەری ٢٠٠٧, هەرچەندە کۆمپانیاکە بۆ هەر کوژراوێك جگە لە یەکیان ١٠٠٠٠٠ دۆلارو بریندارەکانیش هەر یەکەی ٥٠٠٠٠ دۆلار قەرەبووی ژماردووە.

لەسەر دانانی ئاڵای کۆنی عێراقی لە کۆبونەوەی نێوان شاندی حکومەتی ئوردن و عێراق, وەزیری کشت و کاڵی عێراقی محەمەد خەفاجی داوای لە حکومەتی ئوردنی کرد داوای لێبوردن بکات, کەچی حکومەتی ئێستای عێراقی کە میراتگیری حکومەتی پێشووی بەعسی روخاوە, تا ئێستا ئامادە نییە داوای لێبوردن لە قوربانیانی تاوانەکان رابردووی کوردستان و عێراق بکات, قوربانیان ژمارەیان ١٦ کەس نییە, بەڵکە دەیان هەزاری ئەو ژمارەیەیە, وە دسیەکە ئالایەکی بە هەڵە دانراو نییە, بەڵکە ٤٠٤٩ گوندی تەنها لە کوردستان لە گەڵ زەوی تەخت کردووە, زیاتر لە ١٨٥ گوندو شاری کیمیابارانکردووە, نزیك ملیۆنێك هاووڵاتی کۆمەڵکوژ کردووە, ژێر بیابانە پان و بەرینەکانی عێراقی تژی کردووە لە روفاتی قوربانیان, لە کوێوە هەڵیدەکۆڵیت ئێسك و پرۆسکی مرۆڤت بۆ دەردەکەوێت, وڵات بۆتە گۆڕێکی بە کۆمەڵی پان و بەرین ئەمسەرو ئەوسەری نییە.

کلتوری داوای لێبوردن کردن

کلتوری داوای لێبوردن کردن, کلتورێکی مرۆڤدۆستانەی مۆدێرنە, کلتوری کۆتایی کەلە رەقی سستەمی دەرەبەگایەتی پیاوسالارییە, هەست کردنە بە هەڵەی رابردوو, دان پێنانە بە تاوان, پاککردنەوەی ویژدان و رزگاربوونە لە دڕندەیی, پاککردنەوەی مێژووە لە ناشرینییەکان رابردوو, گەردن ئازاییە لە قوربانیان, هەرچەندە هەموو بۆچوون و کەسەکان ناتوانن خۆیان لە دڕندەییەکان رابردوو پاك بکەنەوە, کلتورێکە ئازایەتی دەوێت بۆ بەرەو روبوونەوەی رابردووی رەش.

بۆ نایکەن؟

٢٠ ساڵە لە هەمبەر ئەو تاوانانەی لە رابردوودا دەوڵەتی عێراق بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان ئەنجامی داوە، داوا دەکرێت سەرۆك کۆماری عێراق وەك هێمای باڵای وڵات داوای لێبوردن بکات.

ئەرکی جەنابی تاڵەبانی و بارزانی و فوئاد مەعسوم و بەرهەم ساڵەح بوو پێشتر ئەم کارە بکەن،" بارزانی مانگێك بووە سەرۆك کۆمار" دەبوایە ئەو ئەرکەیان وەك کاری یەکەمیان جێبەجێ بکردبایا، دەبوایە بەدوای سوێند خواردنەکانیان یەکسەر بەم ئەرکە هەڵبستانایا, دەیان جار ئەم داوایەی بەرەو رویان کرایەوە، کەچی وەڵام نەبوو، ئەوان نەیانتوانی بە ئەرکی ئەخلاقی خۆیان هەڵبستن و سەروەریەك بۆ مرۆڤایەتی و مێژوو و خۆیان تۆمار بکەن. داواکارییەکە تەنها بۆ کورد نەبوو بەڵکە بۆ مرۆڤایەتی بوو، ناویان لە ریزی ئەوانەدا تۆمار دەکرا لە وڵاتانی خۆیان بەو شێوە هەڵوێستە مرۆیانە هەڵستاون، ئەوان مێژوو لە یادیان ناکات.

دکتۆر لەتیف رەشید تۆ ئەنجامی بدە

ئێستا ئەم داواکارییە دەخەینە بەردەست دکتۆر لەتیف رەشید سەرۆك کۆماری ئێستای عێراقی فیدراڵ, بەڕێز خاوەند شکۆ د. لەتیف لە کاتێك ئێوە باش دەزانن ئەم داواکارییە ئەرکەو بەناوی دەوڵەتی عێراقەوە بەم کارە هەڵبستن, ئێمە پێویستمان بە وتەی سۆزداری و کردەی پۆپۆلیستی نییە, ئێمە دەمانەوێت لە گەڵ مێژووی ئەم وڵاتە ئاشتمان بکەنەوەو هاوکات دڵنیاشمان بکەنەوە ئەوجۆرە تاوانانە لە داهاتوودا دوبارە نابنەوە, بەوەی بەناوی دەوڵەتی عێراق و واژۆی خۆتانەوە داوای لێبوردن لە گەلی کوردستان و گەلانی عێراق بکەن, بەڵگەنامە شاراوەکانی رابردوو هەموو ئازاد بکرێن, تۆمەتبارانی تاوانە زەقەکان هەموو دادگایی بکرێن, عێراق ببێتە ئەندامی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی, قەرەبووی قوربانیان بکرێتەوەو مۆنمێنتی یادوەری بۆ سەرجەم قوربانیان لە پایتەختی عێراق دروست بکرێت.

لێبوردەیی چۆنە؟

لەم مەڵبەندەی جینۆسایدە کە ناوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و ئەم وڵاتەی ئێمە کە ناوی کوردستانە، شوێنێك پنتێك نییە بۆ لێبوردەیی مرۆڤەکان، روباری خوێن، دنیایەك هەڵە،

دڕندەیی, بونەتە بەشێك لە مێژوو و ڕۆشنبیری و کلتوری هەرێمەکە, بۆیە دان نان بە ڕاستییە تاڵەکان ڕابردوو و ئێستا و داوای لێبوردن کردن بەشێکە لە ساڕێژی برینەکان, هەنگاوێکە روو لە ئایندە.

مێژوویەك ئێمە دەبەستێتەوە بەم وڵاتانەوە کە لە ناو خوێن و ئێسك و پروسکدا نغرۆ بووە، بۆ سڕینەوەی ئەو تاڵیانە پێویستمان بە دادپەروەرییە، لێ دادپەروەری و ئاشتەوایی پێکەوە گرێدراون، بە بێ یەکەم ئەنجامدانی دووەم زەلیلکردنە و هەرگیز بەدی نایات، وەك ئەوەی سیاسییەکانی کورد دەیکەن، لێبوردەیی هەموو کات دوای دان نان بە ڕاستییەکانی تاوانەکان و دادپەروەرییەوە دێت، تاوانبار و قوربانییەکان لە ئاوێنەی دەرخستنی ڕاستیەکانی ڕابردوەوە وەك ئەوەی هەن دەردەکەون نەك وەك ئەوەی لە تاوانەکانی ڕابردوو بشوردرێنەوە، کارێکی زۆر ناشایستەو ناڕەوایە داوا لە قوربانیانی تاوانەکان بکرێت ئاشتەوایی بکەن، لە کاتێکدا هێشتا دادوەری بە ڕۆڵی خۆی هەڵنەسابێت و دان بە ڕاستییەکانی تاوانەکان نەنرابێت و تاوانباران دادگایی نەکرابێتن لە پێناو ڕزگار نەبوون لە سزاو بە دکۆمێنت کردنی تاوانەکان و دەرخستنی ڕاستییەکان و نووسینەوەی ڕوداوە تاڵەکان !!.

چۆن فێر بین لە ئەزموونی باشووری ئەفریقا؟

لە ئەزموونی خوارووی ئافریقیاوە فێر بین کە"باسکردنی سەرچاوەی تاوانەکان، دانپێنان، قەرەبووکردنەوە، دان نان بەو تاوان و کارەساتانەی لە ڕابردوو ڕوویان داوە، هەندێك جار زۆر پڕ بایەخترە لە زانینی حەقیقەتەکانی بابەتەکە، ئەگەر چی مەرج نییە هەموو ئەو کەسانەی کە ئازاریان چەشتووە پێویستیان بە داوای لێبوردن کردن هەبێت بەشێوەیەکی فەرمی تا ناکۆکیەکان ڕابردوو لەبیر خۆیان ببەنەوە، لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی لێخۆش بوونی "کۆمسیۆنی حەقیقەت و پێکهاتنەوە لە باشووری ئافریقا" ئەوە پیشان دەدات کە قەبوڵکردنی سەرەنجامەکان تا ئەندازەیەکی زۆر زیاد دەکات، کاتێك قوربانیانیان کەسوکاری قوربانیەکان دانپێنانێك و داوای لێبوردنێکی شەرعییان پێ دەگات."پێکهاتنەوە چارلس ڤیلا ڤیسیستۆ"..

بۆ قەرەبووکردنەوە؟

قەرەبووکردنەوە تەنها پاداشتی مادی نییە لە بەرامبەر ئەو زیانانەی لە قوربانیان کەوتووە, بەڵکە خۆی لە پاداشتی مادی یان ڕەمزی یان پێکەوە دەبینێتەوە, ڕەنگە پاداشتی دارایی بێت یان پۆزش و داوای لێبوردنکردن بێت لە قوربانیان یاخود

هەردووكیان پێكەوە, نابێت لە یادمان بچێت كە بژاردن  هەم  قەرەبووكردنەوەیە و  هەم پەیمانیشە بۆ دوبارە نەكردنەوەی  تاوانەكانی ڕابردوو لە ئاییندە, ئێمە لەم مەڵبەندی جینۆسایدە پێویستمان بەمەیان زیاترە كە روداوەكان رابردوو دوبارە نەكرێنەوە, جارێكی دیكە نەمان بەنەوە بۆ ناو قەسابخانەكانی گۆڕە بە كۆمەڵەكان و شانزەی سێ, وەك دەبینین بەردەوام لەناو بازنەكەداین و لیچی دەرناچین, لە كاتێكدا نە قەرەبوو كراوینەتەوە نە داوای لێبوردنیشمان لێكراوە, نە وڵاتیش بۆتە ئەندامی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی, بۆیە روداوە تاڵەكان رابردوو لە ژینگەیەكی وادا ئاساییە دوبارە ببنەوە, وەك بەردەوام دوبارە دەبنەوە لە شەنگالەوە بۆ دوز و سبایەكەر و لە داهاتووشدا بۆ ناوەكانی دی, راستە ئەمانە رابردوو ناگۆڕن و ژیان بۆ قوربانیان ناگەڕێننەوە, وەلێ ژیان بۆ داهاتوو دور لە تاوان مسۆگەر دەكەن, قوربانیان هەست بەوە دەكەن گوێبیستی داواكارییەكانیان بوونە.

قەرەبووكردنەوە كەرامەتی مرۆڤایەتی و هەندێك لە زیانە مادییەكان دەگەرێنێتەوە بۆ قوربانیان, بۆ ئەوانەی مافیان پێشێل كراوە, بۆیە مافی قەرەبوو مافێكی بێ ئەملاو ئەولای سازش هەڵنەگرتووی  قوربانیانی كوردستانە, كەسیش بۆی نییە بە ناویانەوە ئەو سازشە بكات ئەگەر لە ترۆپكی دەسەڵاتیش بێت, دەبێت تەنها خۆیان لە بەرامبەر ئەو زیانانەی پێیان گەیشتووە بەم كارە هەڵبستن.

بەرپرسیارێتی عێراق وەك  دەوڵەت

دەوڵەتی ئەنجامدەری تاوان كە عێراقە, نابێت لە بەرپرسیارێتی تاوانەكانی ڕابردووی عێراق هەڵبێت, تاوانی جینۆساید بەرپرسیارێتی دەوڵەتە، چونكە ئەو تاوانەی ئەنجام دراوە بە چەك و كەرەسەی سەربازی و  توانا و ئیمكاناتی دەوڵەت ئەنجام دراون، ئەم بەرپرسیارێتییە  بە گۆڕینی سستەم و رژێم و حكومەتەكان كۆتاییان نایات, بەڵكە  بۆ هەتا هەتایە لەگەڵ  دەوڵەتەكان و جێگرەوەكانیان بەردەوام دەبێت تاكو بەدی دێت لە داوای لێبوردن كردن و  قەرەبووكردنەوەو  سزادانی بكەران و جێگیر كردنی لە مێژووی وڵاتدا.

تەنانەت بە سزادانی بكەرانیش كۆتایی نایات, چونكە بكەر بە چەك و تفاقی عێراق تاوانی ئەنجام داوە. عێراقی ئێستا كە داوای لێبوردن دەكات و  قەربووی قوربانیان  دەكاتەوە, لە بەر ئەوە نییە بەرپرسە لە تاوان و هەڵەكان ڕابردووی سەدام, بەڵكە لە بەر پابەند بوونیەتی بە بەرژەوەندی گشتییەوە و كاركردنیەتی بۆ دووبارە تێكەڵكردنەوەی قوربانیەكان  بەكۆمەڵگاو گەڕاندنەوەی كەرامەتە  بۆیان و متمانەیان دەداتێ  بەوەی  عێراقی داهاتوو ئەوەی رابردوو نییە, لە تاوانەوە گواستراوەتەوە بۆ

پۆزش هێنانەوە, لە ئەنجامدانی جینۆسایدەوە هاتوتە سەر واژۆکەرانی پەیمانامە نێودەوڵتیەکانی بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر تاوانە مەزنەکان, تا ئەمانە نەکات, دوبارە بونەوەی تاوان لەکات و ساتدایەو هیچ گۆڕانکاریەك نەکراوە, وەك تا ئێستا لە ناو بازنەی رابردوودابین.

خۆ پاککردنەوەی دەوڵەت

بە داوی لێبوردن کردن بەرپرسیارێتی هەڵگرتنی ئەو تاوانە گەورانەی لە ڕابردوودا ئەنجامدراون, تاکە زەمانەتی هاوسەنگی ڕاگرتنە لە نێوان مافی قوربانیان و بەرپرسیارێتی تاوانکاران, دەوڵەت بەردەوام دەبێت لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی سیاسەت و کاری فەرمانڕەواکانی پێشووی خۆی.

ئەو بەرپرسیارییەتی هەڵگرتنە ماناى تاوانبار بوون ناگەیەنێت, بەڵکە خۆ پاککردنەوەو شۆردنەوەیە لێی, پاککردنەوەی دەوڵەتە لەو ڕابردووە تاڵە خوێناوییە پڕ لە تاوانە کە لەم وڵاتە رویانداوە, وە خودیشە لە ئەرك و بەرپرسیارێتی, شۆردنەوەی وڵاتە لە شوێنەوارەکانی تاوان دڕندەیی رابردوو, شوردنەوەی ولاتە لە گازی خەردەل و خوێن و روفاتی ناو گۆڕە بەکۆمەڵەکان و پەتی سێدارە, ئەمە لە باشووری ئافریقیا و شیلی و ئاڵمانیاو ئەرجەنتین و ..... تەواوی ئەو وڵاتانەی گۆڕانکاری تیایاندا ئەنجامدرا لە پاش دەسەڵاتی نازیەت و ئاپارتاید و دیکتاتوریەت پەیرەو کرا, کوردیش چاوەڕوانی دەکات لە ئێراقی دوای سەدام حوسێن کە ئێستا ئێوەی بەڕێز سەرۆکین ببێتە پرنسبێکی دەسەڵاتداریەتی داهاتوو, ئەوەی لە عێراق کراوە نەك کەمتر نییە لەوەی لەو وڵاتانە کراوەو بگرە بارتەقای چەندینیانە.

سەرۆکی شیلی چی کرد؟

سەرۆکی شیلی Ricardo Lagos هەڵستا بە ناردنی نامەی پاساو هێنانەوەی کەسی یان داوای لێبوردنکردن بۆ سەرجەم کەسوکاری قوربانیانی دەست ڕژێمی سەربازی پێشوو بە سەرکردایەتی بینۆتشە, ئەم پرۆسەیە لەساڵی ١٩٩٦ هوە بۆ ٢٠٠٨ درێژەی کێشا, کەچی سەرۆك کۆمار خۆی قوربانی و نەیاری ئەو دەسەڵاتە بوو کە تاوانی ئەنجام دابوو, ئەو نامانەی ناردی بۆ سەرجەم قوربانیان ئەویان نەکردە تاوانبار, بەڵکە نامەکانی وڵاتی لە تاوانەکانی بینۆتشەی تاوانبار شوشتەوەو ناشرینیەکانی پاککردەوەو خۆشی بردە ریزی سەرکردە مەزنەکانەوە, بۆیە

دەبێت عێراقیش لە تاوانەکانی سەدام حوسێن بشۆردرێتەوە, بۆ ئەوەی ئەوکارە بکرێت پێویستمان بە مرۆڤە بۆ مێژوو, کێ ئەوە بکات شوێن لە مێژوو دەگرێت.

ئەڵمانیاو هەنگاوی مەزن

قوربانیانی دەستی ڕژێمی نازی ئاڵمانیا, لە پاڵ قەرەبووی مادی, هەر یەکەیان نامەی سەرۆك کۆمار یوهانز راو" ١٩٣١-٢٠٠٦" لە پارتی سۆسیال دیموکرات یان پێگەیشت, کە لەساڵی ١٩٩٩ هوە بۆ ٢٠٠٤ سەرۆك کۆماری وڵات بوو, لە نامەکەیدا داوای لێبوردنی لە قوربانیانی دەسەڵاتی نازی هیتلەر کردبوو"تعويز العمال الاسترقاقيين والقسريين فی المانيا النازيه-يونامی", لە دوا هەڵوێستیشدا بڕیار درا جووە جەزائیرییەکان کە زۆرینەیان لە فەرەنسا دەژێن, ئەوانەی لە هۆلۆکۆست رزگاریان بووە, هەر یەکەیان بە ٢٣٠٠ ئیرۆ قەرەبوو بکرێنەوە.

هەروەسا سەرۆکی ئەڵمانیا یواکیم غاوك ١٩٤٠, سەرۆك لە ماوەی ١٨-٣-٢٠١٢ بۆ ١٨-٣-٢٠١٧ دانی بەوەدا نا کە ئەڵمانیا بەرپرسیارێتی بەشێك لە جینۆسایدی ئەرمەنی دەکەوێتە ئەستۆ.

ساڵی ٢٠٠٨ ئەنغێلا مێرکلیش داوای لێبوردنی لە ئیسرائیل کرد بەرامبەر بە هۆلۆکۆست, وتی ئەڵمانیا هەست بە شەرمەزاری دەکات, وە ساڵی ٢٠٠٤ غێرهارد شرۆدەر داوای لێبوردنی لە گەلی روسیا کرد بەرامبەر بە تاوانەکانی نازیەت.

سەرۆکی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا فرانك فالتر شتاینمایر لە ئایاری ٢٠٢١ داوای لێبوردنی لە گەلانی جینۆسایدکراوی نامیبیا کرد. ئەڵمانیا سێ هەنگاوی نا لەو بوارە" دروستکردنی مۆنمێنت, داوای لێبوردنکردن, قەرەبووی مادی".

ئەڵمانیا کە لە ساڵی ١٨٨٤ هوە بۆ ساڵی ١٩١٥نامیبیای داگیر کردبوو, داوای لێبوردنی کرد بەهۆی ئەوەی لە نێوان ساڵانی ١٩٠٤ بۆ ١٩٠٨ دەیان هەزاری لە گەلانی هیریرو نامای لە نامیبیا کۆمەڵکوژ کردبوو " ٦٥٠٠٠لە گەلی هیریر, ١٠٠٠٠ لە گەلی ناما", بە هەردوولایان ٧٥٪ی ئەو گەلانە بوون, بە گشتی وا مەزەندە دەکرێت ژمارەی قوربانیان بگاتە ١٠٠٠٠٠ کەس.

ئەم تاوانانەش بەهۆی بەرهەڵەستیکردنیان لە زەوتکردنی زەوی و ئاژەلەکانیان کە ئەڵمانەکان دەیانەویست ئەنجامی بدەن.

ئەم تاوانەش بە یەکەم کۆمەڵوژی سەدەی بیست ناونراوە, ئەڵمانیا قەرەبووی قوربانیانی کردەوە بە ١,١ ملیار ئیرۆ بەڵام لەماوەی چارەکە سەدەیەك, کەسوکاری قوربانیان بە ڕێکەوتنەکەو شێوازو قەبارەی قەرەبووەکە رازی نین.

هەرچەندە ئەڵمانەکان هێشتا زۆر برینی گەلان ماوە سارێژی بکەنەوە نموونە لەوانە لە نیسانی ١٩٤١ نازییەکان یۆنانیان داگیرکرد, ئاڵای خۆیان لەسەر ئەکرۆبۆلیس هەڵکرد, لە دوای سێ ساڵ و نیو داگیرکاری وڵاتیان بە کەلاوەیی بۆ یۆنانییەکان جێهێشت, لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە, یۆنانیەکان داوای قرەبوو دەکەنەوە لە دەسەڵاتداری ئەڵمانەکان وەك جێماوی یاسایی رژێمی هیتلەر, حکومەت و پەرلەمانی یۆنانی داوای ٣٠٠ ملیار دۆلار قەرەبوکردنەوە دەکات, تا ئێستا یۆنانییەکان تەنها ١١٥ ملیۆن مارك و ٢٥ ملیۆن دۆلاریان وەك قەرەبوو وەرگرتووە, کە پێی رازی نین, پۆڵۆنییەکانیش هەمان داواکارییان لە ئەڵمانەکان هەیە.

ئیتاڵیاش هەنگاوی ناوە

ساڵی ٢٠٠٨ سەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیا سیلفیۆ برلسکۆنی بە فەرمی داوای لێبووردنی لە گەلی لیبیا کرد بۆ سەردەمی کۆڵۆنیالیزەکردن, وە بڕیاری دا ٥ ملیار دۆلار لە ماوەی ٢٥ ساڵدا وەك قەرەبوو لە شێوەی سەرمایەگوزاری بدات بە وڵاتان و گەلانی زەرەر مەند لە داگیرکاری ئیتاڵیا.

ڕۆتە ناچاربوو داوای لێبووردن لە بازرگانیکردن بە کۆیلەوە بکات

سەرۆك وەزیرانی هۆڵەندا مارك ڕۆتە لە ڕێکەوتی ١٩-١٢-٢٠٢٢ داوای لێبووردنی کرد لە ڕۆڵی رابردووی هۆڵەندا لە بە کۆیلەکردن, وە تاوانی کۆیلەکردنی مرۆڤی وەك تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ناساند کە باپیرانی ئەوان ئەنجامیان داوە.

بەناوی حکومەتی هۆڵەندییەوە داوای لێبوردنی کرد, لە هەموو ئەو کۆیلانەی لە جیهاندا ئازاریان لەم کارە بینیوە لەسەر دەستی هۆڵەندییەکان, وتی داوای لێبووردن لە نەوەکانیان دەکەم.

هۆڵەندا لانی کەم بە وتەی خۆیان ماوەی ٢٥٠ ساڵ گلاوەنەتە بە کۆیلەکردنی مرۆڤەوە, لەو ماوەیەدا لانیکەم نیو ملیۆن ئەفریقی بە کۆیلە کردووە.

ڕۆته پێشتر دەبووت ئەم دۆسیەیە کۆنە و ماوەی زۆری بەسەردا تێپەڕ بووە, وەلێ دوایی گەیشتە ئەو بڕوایەی سەدان ساڵ چەوساندنەوەو زەبروزەنگ کاریگەری لە سەر ئێستا دادەنێت.

ساڵی ١٨٦٣ کۆیلەداری لە هۆڵەندا قەدەغە کراوە, وەلێ تا ساڵی ١٨٧٣ کۆیلەداری لە هۆڵەندا هەر هەبووە.

هەرچەندە رەخنەگرانی پرۆسەکە پێیان وایە, قەرەبووی ٢٠٠ ملیۆن ئیرۆ بەس نییە بۆ ٤٠٠ ساڵ کۆیلەکردن, کاتی ئەوەش هاتووە ڕاستییەکان هەموو بوترێت- أحفاد الأفارقە: اعتزار هولندا عن ماچی العبودیە لیس کافیا

HTTPS://ALGHAD.COM/%D٨٪A٣٪D٨٪AD%D٩٪٨١٪D٨٪A٧٪D٨٪AF-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪A٣٪D٩٪٨١٪D٨٪A٧٪D٨٪B١٪D٩٪٨٢٪D٨٪A٩-%D٨٪A٧٪D٨٪B٩٪D٨٪AA%D٨٪B٠٪D٨٪A٧٪D٨٪B١-%D٩٪٨٧٪D٩٪٨٨٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٦٪D٨٪AF%D٨٪A٧-%D٨٪B٩٪D٩٪٨٦-%D٩٪٨٥٪D٨٪A٧٪D٨٪B٦٪D٩٪٨A-%D٨٪A٧/

فەرەنسا داوا دەکات تورکیا داوای لێبوردن لە ئەرمینیا بکات, وەلێ خۆی لە جەزائیۆی ناکات

شیراك سەرۆکی کۆچکردووی فەرەنسا داوای لێبوردنی کرد لە بەرامبەر دەستگیرکردنی ١٣ هەزار جولەکە لە پرۆسەی ئەڤلیل دیف لە ساڵی ١٩٤٢ لە میانی جەنگی جیهانی دووەم و پاشان بە کۆمەڵ کوشتنیان لە لایەن هیتلەرەوە, هەرچەندە ئەو وەك بیروباوەڕ و پرۆسە لێی بێبەرییە.

هەروەها بەپێی ئەو یاسایەی کە پەرلەمانی فەرەنسا پەسندی کردبوو کۆمپانیای هێڵی شەمەندەفەری فەرەنسا ناچار کرا تا ساڵی ٢٠١٥ قەرەبووی کەسە ماوەکانی هۆلۆکۆست بکاتەوە بەو پێیەی کاتی خۆی ئەم کۆمپانیایە یارمەتی ئەڵمانیای دابوو لە گواستنەوەی جولەکەکان لە فەرەنساوە بۆ کەمپەکانی ئەشوڤیتس، بە هەمان شێوەیە لۆبی جولەکە لە ئەڵمانیاش توانی کارێك بکەن پەرلەمانی ئەو وڵاتە یاسایەك دەربکات کە حکومەتی ئەڵمانیا ناچار بکات قەرەبووی جولەکەکان بکاتەوە."

پەیسەر- چۆن دەتوانرێت دەوڵەتی عێراق پابەند بکرێت بە قەرەبووکردنەوەی ئەنفال و هەڵەبجە؟

https://www.peyserpress.com/detail/٧٦٤٤

لێ هەر فەرەنسا بەرامبەر کۆمەڵکوژی جەزائیرییەکان نکۆڵی کرد, لە ساڵی ٢٠٠٨ عەبدالعەزیز بلخادم ئەمینداری گشتی بەرەی ئازادیبەخشی جەزائیری داوای لە فەرەنسا کرد داوای لێبوردن بکات وقەرەبووی ١٣٢ ساڵ داگیرکاری و کۆمەڵکوژیان بکاتەوە, کە لە ڕێکەوتی ١٩-٣-١٩٦٢ شەڕ کۆتایی هات, تەنانەت فەرەنسا تاکو ساڵی

١٩٩٩ دانی نەنا بە بوونی شەڕەکەش, هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامبەر رابردووی داگیرکاری جەزائیر سەختە بۆ سیاسییەکان, چونکە لەناو فەرەنسا ٧ بۆ ٨ ملیۆن کەس پەیوەندی راستەوخۆیان بە شەرەکەوە هەیە, ئەمانەش لە هەڵبژاردندا هێزێکی مەزنی دەنگدەران پێك دەهێنن, بەسەر نەیارو لایەنگردا دابەش بوونە.

هەرچەندە ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا سەبارەت بە جەزائیر وتی نە نکۆڵیکردن وە نە داوای لێبوردن کردن, وەلێ ئەنجومەنی یاسایی فەرەنسا لە ٨ی شوباتی ٢٠١٨ بڕیاریدا هەموو قوربانیانی جەنگی نێوان ساڵانی ١٩٥٤ بۆ ١٩٦٢ کە لە جەزائیر ژیاون لەو کاتەدا قەرەبوو بکرێنەوە, هەرچەندە هێشتا فەرەنسا دانی بە هەقیقەتی یاسایی تاوانەکانی خۆی لە جەزائیر نەناوە کە ملیۆن و نیوێك قوربانی لێکەوتۆتەوە, تەنانەت جەزائیرییەکان نەك داوای لێبوردن و قەرەبووی تاوانەکانی سەردەمی داگیرکاری دەکەن, بگرە داوای قەرەبووکردنەوەی روداوی ٥٧ تاقیکردنەوی لە نێوان ١٩٤٥ بۆ ١٩٦٠ چەکی ناوکی لە بیابانەکانی جەزائیر بە تایبەت ناوچەی رقانی وڵات دەکەن, بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی هەژماریان کردووە کە لە لایەن فەرەنسییەکانەوە ئەنجامدراوەو قوربانی سڤیلی لێ کەوتۆتەوەو ژینگەی ناوچەکەی تێکداوە.

هەروەها ماکرۆن لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا وتی کۆلۆنیاڵی فەرەنسی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە, ماکرۆن ساڵی ٢٠٢١ ئیدانەی ئەو تاوانانەی کرد سوپای فەرەنسی لە ١٧-١٠-١٩٦١ بەرامبەر خۆپیشاندەران ئەنجامیان دا, وەك تاوانێك کە لێبوردنی نییە. لەمەش زیاتر ماکرۆن داوای لێبوردنی لەسەر ئەشکەنجەدان کرد کە لە ماوەی شۆڕشدا لە جەزائیر ئەندامدرا.

بەلام فەرەنسا رەتی کردەوە داوای لێبورن بکات لە سەردەمی داگیرکاری ١٣٢ ساڵی نێوان ساڵانی ١٨٣٠ بۆ ١٩٦٢, کە داواکارییە سەرەکییەکەی گەلی جزائیرە.

لە کاتێك تونس و جەزائیر داوای داوای لێبوردن دەکەن لە فەرەنسا, کەچی فەرەنسا داوا دەکات تورکیا داوای لێبوردن لە ئەرمینیا بکات, بەلام بۆ خۆی هەنگاوی تەواو نانێت و بەرەو رووی رابردوو نابێتەوە, لە ترسی هێزی راسترەوەکان, نەیاری هەر بەرەو روبونەوەیەکی مێژوون لە جیهاندا" د. أحمد القديدي-اعتزار الدول لمن ظلمتهم

https://al-sharq.com/opinion/٢٤/٠٧/٢٠٢٠/%D٩٪٨A%D٨٪B٤٪D٨٪B١٪D٩٪٨١-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪AF%D٩٪٨٨٪D٩٪٨٤-%D٨٪A٣٪D٩٪٨٦-%D٨٪AA%D٨٪B٩٪D٨٪AA%D٨٪B٠٪D٨٪B١-%D٩٪٨٤٪D٩٪٨٥٪D٩٪٨٦-%D٨٪B٨٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨٥٪D٨٪AA%D٩٪٨٧٪D٩٪٨٥-%D٨٪AD%D٨٪AA%D٩٪٨٩-%D٨٪A٨٪D٨٪B٩٪D٨٪AF-%D٨٪B٩٪D٩٪٨٢٪D٩٪٨٨٪D٨٪AF

سەبارەت بە دۆسیەی تێوەگلانی فەرەنسا لە دۆسییەی رواندا, سەرۆکی فەرەنسا لە ٢٧ی ئایاری ٢٠٢١ سەردانی ڕواندای کرد. ئەم سەردانە مێژووییە دەبێ نوێنەرایەتی

هەنگاوێکی نوێ بکات لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان پاریس و کیگالی, ئیمانوێل ماکرۆن ڕایگەیاند کە هاتووە بۆ داننان بە "بەرپرسیارێتی" فەرەنسا بەرامبەر بە جینۆسایدی توتسییەکان لە ساڵی ١٩٩٤.

ئەو وتی فەرەنسا "هاوبەش نەبووە" لە پرۆسەی ئەنجامدانی جینۆسایدەکەدا، بەڵام ئەرکی ئەوەی لەسەر شانە "ڕووبەڕووی مێژوو ببێتەوە و دان بەو ئازارانەدا بنێت کە بەسەر گەلی ڕواندا گەیاندراوە، بە بەرز نرخاندنی بێدەنگی بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر پشکنینی ڕاستییەکان". هەرچەندە بە پێی راپۆرتی موسیۆ ١٣ کەسایەتی سیاسی و ٢٠ سەربازی فەرەنسی راستەوخۆ گلاونەتە تاوانەکەوە.

فەرەنسا لەسەر کۆمەڵکوژی توتسییەکان لە لایەن هۆتسییەکانەوە, تۆمەتبارە بە دەست تێکەڵکردن لە گەڵیان کە لە ٦ی ئەبرێلی ١٩٩٤ کۆمەڵکوژییەکە تا ٤ی تەموزی هەمان ساڵ بەردەوام بوو, رۆژانە ١٠ هەزار تۆتسی دەکوژران, لەم کۆمەڵکوژییەدا ٧٠٪یان لەناودران.

ماکرۆن دانی نا بە بەرپرسیارێتی فەرەنسا لە کۆمەڵکوژی رواندا و پاش ٢٥ ساڵ کێشە لە نێوانیان لەسەر دیاریکردنی رۆڵی فەرەنسا لەکۆمەڵکوژییەکە.

وتی فەرەنسا بەرپرسە نەك بەشێك بێت لە ئەنجامدانی کۆمەڵکوژییەکەو وە داوای لێبوردنی نەکرد .

بەریتانیا زۆر هەنگاو ماوە بینێیت

بەریتانیا کە ژمارەیەکی زۆر وڵاتی داگیرکردو, زۆر تاانی لە میجژوودا ئەنجامداوە بەرامبەر بە گەلان, هەندێك هەنگاوی ناوە, وەلێ زۆر هەنگاویش ماوە بینێت , نموونە گەلی کوردستان بەریتانیا و فەرەنسا داگیریو دابەشیان کردووە, بەرامبەر بە کوردی باشوور بەریتانییەکان تاوانیان ئەنجامداوە, بەریتانیا داوای لێبورنی بۆ داگیرکاری میسرو .....زۆر ولاتی دیکە داوای نەکردووە.

تۆنی بلێر سەرەك وەزیرانی پێشوی بەریتانیا داوای لێبوردنی لە سەردەمی کۆیلەداری کرد, ساڵی ٢٠١٦ بەریتانیا داوای لێبوردنی لە هیند کرد.

بەڵام بەریتانیا رەتیکردەوە دان بە تاوانەکانیدا بنێت بەرامبەر بە گەلی ماو ماو لە کینیا, کە لە ساڵی ١٩٥٠ دژ بە داگیرکاری راپەڕین , بەریتانییەکان لە وەڵامدا ٥٠٠٠ ی لێکوشتن.

هەرچەندە ٣٠٠٠ دۆلار قەرەبووی بۆ هەر قوربانییەك دا, پەشیمانی دەربڕی بەڵام داوای لێبووردنی فەرمی نەكرد.

لە ئازاری ٢٠٢٢ كاتێك شازادە ویلیام چوو بۆ جامایكا غەمباری قولی دەربڕی بۆ سەردەمی كۆیلەداری كە نابوایا روی بدایە , مێژووی بەریتانیا بۆ هەتا هەتایە پیس بكات, خەڵك داوایان كرد قەرەبو بكرێنەوە و كۆتایی به پاشكۆیەتی وڵات بۆ تاجی بەریتانیا بهێنرێت..الاعتزار عن الاستعمار-بشير عبد الفتاح

https://www.shorouknews.com/columns/view.aspx?cdate=٠٩٠١٢٠٢٣&id=٢٤٢b٧٤٠٨-٩e٦٢-٤٦٩٣-٨d١٠-٧fb٩١٩de٤af٩

هەروەها لە مانگی ئەبرێلی ٢٠٢٢ هاووڵاتیانی سانت فنسنتین لە كاریبی داوای قەرەبووی سەردەمی كۆیلەدارییان كرد لە بەریتانیا

https://www.telesurtv.net/news/-san-vicente-granadinas-desligarse-reina-britanica-jefa-estado-٢٠٢٢٠٧٢٧-٠٠٠٢.html

ئەمەریكا زۆر داوایلێبوردن قەرزارە

لە ٢٥ی ئازاری ساڵی ١٩٩٨ دا بیل كلنتون لە سەردانێكی سێ كاتژمێری بۆ وڵاتی رواندا داوای لێبوردنی لێیان كرد, بەهۆی هەڵوێستی حكومەتی ئەمەریكاوە لەو گەلكوژیانەی لەو وڵاتە رویان دا, وتی پێویستە بەرپرسیارێتی هەڵگرین, هەروەها بەرامبەر شەڕی قرێژ لە ئەمەریكای ناوەندیش داوای لێبوردنی كرد, ئۆباماش دانی نا بە شەڕی قرێژ بەرامبەر بە كوبا, پیرۆ, ئەرجەنتین, هەروەها جۆرج بۆشی باوك داوای لێبوردنی لە ئەمەریكییە بنەچە یابانییەكان كرد كە لەسەر بنچینەی ژاپۆنی بوون دەستگیر كرابوون لە كاتی جەنگی جیهانی دووەم, قەرەبووشیانی كردەوە, "دوای لێدانی بیرل هابەر لە لایەن ژاپۆنیەكانەوە, ١١٠ هەزار ژاپۆنی لە ئەمەریكا نێردران بۆ زیندانەكان وەك تێكدەر و سیخوڕ, وێڕای نەیاری وەزارەتی دادی ئەمەریكی" بەڵام هێشتا لەسەر هیرۆشیما و لاوس, ڤێتنام, ..... داوای لێبوردن نەكراوە.

ئیدارەی ترامپ دژ بە كەلتوری داوای لیچبوردن كردن بوو, پێی وابوو دان نان بە هەڵە لایەنی لاوازی ئەمەریكا دەردەخات, وتیان ئێمە شانازی بە مێژوومانەوە دەكەین, راستگەرای نەتەوەیی سپی پێستی باڵا كۆیلەی رابردووە ناشرینەكانە وەك هەر راستگەرایەكی دی.

١٦-١-١٩٩٢ ژاپۆن داوای لێبوردنی لە کۆریای باشوور کرد بەرامبەر بە دەستدرێژی سەربازانی ژاپۆنی بەرامبەر ژنانی کۆری کردویانە کە ژمارەیان نزیك ٢٠٠٠٠٠ بووە, وتە بێژی حکومەتی ئەو کاتە کۆیتشی کاتۆ وتی " ناتوانین نکۆڵی بکەین لەوەی سوپای ژاپۆنی پێشوو رۆڵی هەبووە لە رفاندن و دەست بەسەرکردنی ژنانی ئاسودەیی, بۆیە داوای لێبوردن رادەگەیەنین", دواتر لە سەردانیدا بۆ کۆریای باشوور داوای لێبوردنەکەی دوبارە کردەوەو رایگەیاند قەرەبووی قوربانیان دەکەینەوە, بەڵام رەتیکردەوە ژاپۆن بەرپرسیارێتی یاسایی بگرێتە ئەستۆ.

سەرۆك وەزیرانی ژاپۆن تۆمیشی مۆرایاما لە رێکەوتی ١٥ی ئۆگستسی ١٩٩٥ بە بۆنەی ٥٠ ساڵەی کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمەوە لە بەیاننامەیەکدا داوای لێبوردنی لە هەموو ئەوانە کرد ژاپۆن وڵاتەکەیانی داگیر کردووە یان لە میانی جەنگدا زیانی پێ گەیاندوون, حکومەتی ژاپۆنی داوای لێبوردنی کرد لە کۆری و چینییەکان, هەموو دەیەیەك سەرۆك وەزیرانی ژاپۆنی داوای لێبوردنەکەیان دووبارە کردۆتەوە لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی لە جەنگی جیهانی دووەم ژاپۆن بەرامبەر دراوسێکانی ئەنجامی داوە.

هەرچەندە ساڵانە برینی چینی و کۆرییەکان دەکولێتەوە, کە قوربانی لەسەر مۆنمێنتی یاسۆکۆنی دەکرێتەوە, یاسۆکۆنی هێمای میلیتاریزم رابردووی ژاپۆنیەکانە.

وەلێ کاتێك لە ساڵی ٢٠١٨ سەرۆکی کۆریا مۆن جیە کە وتی ژنانی ئاسودەیی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە, ژاپۆن نارەزایەتی دەربڕی.

داواکاری ژنانی ئاسودەیی بریتییە لە " دان نان بە تاوان, داوای لێبوردنکردن, دانانی مۆنمێنت, قەرەبووی دارایی قوربانیان, گۆڕینی پەرتووکی قوتابخانەکانی ژاپۆن تیایدا دان بە کۆیلایەتی جنسی بنرێت ئەوان بنرێت".

مۆن جیە سەرۆك کۆماری کۆریای باشور لە ساڵی ٢٠١٨ وتی پێویستە ژاپۆن دان بە راستییە مێژووییەکان بنێت, داوای لێبوردنی راسگۆییانە بکات.

ژاپۆن و کۆریای باشور پەیوەندی توندی ئابووریيان هەیە, بەڵام شەڕیان لەسەر یادەوەرییەکانی رابردووە, ئەمەش کاری لەسەر ئەو پەیوەندییە ئابوورییە زەبلاحە داناوە, کێشەی ژنانی ئاسودەیی بەردەوام سەر هەڵدەداتەوە, هەرچەندە لە ساڵی ١٩٦٥ لەسەری رێکەوتوونە, ژاپۆن بە بڕی ٩,٣ ملیۆن دۆلار قەرەبویانی کردۆتەوە, کۆرییەکان داوای قەرەبوو بۆ ئەو کرێکارانەش دەکەن, کە ژاپۆنییەکان بە سوخرە

کاری زۆرەملێی پێکردوون, هەرچەندە ئەو کرێکارە کۆریانەی بران بۆ کاری زۆرە ملێ لە ژاپۆن, دواجار بوونە ناوکی گەشەی ئابووری وڵاتی کۆریا.

ساڵانە لە ١٣ی دیسەمبەر, چینییەکان یادی کۆمەڵکوژی ٣٠٠ هەزار هاووڵاتی سڤیلی شاری نانجینگ دەکەنەوە, کە لە ساڵی ١٩٣٧ ە بە دەستی ژاپۆنییەکان کۆمەڵچکوژکران, لە نانجینگ وێڕای کۆمەڵکوژی ٣٠٠ هەزار هاووڵاتی ٢٠ بۆ ٨٠ هەزار ژنیش لاقە کراون لە لایەن ژاپۆییەکانەوە.

کۆری و چینییەکان وێڕای پەیوەندی ئابووری زۆریان لە گەڵ ژاپۆنییەکان, بەڵام لە بیرنەکردنی تاوانەکان رابردوو بەرامبەریان وەك پاراستنی کەرامەتی ئەمڕۆ سەیر دەکەن.

ئوسترالیا داوای لێبوردنی ناتەواو

لە فبرایری ساڵی ٢٠٠٨دا سەرۆك وەزیرانی پێشوی ئوسترالیا کیفن رود "٢٠٠٧ بۆ ٢٠١٠" داوای لێبوردنی کرد لە هەمبەر تاوانێك کرد کە بەرامبەر هاووڵاتیانی رەسەنی ئوسترالیا بە تایبەت دزینی ١٧٠٠٠ لە منداڵەکانیان, بەڵام رەتی کردەوە داوای لێبوردن لە هاووڵاتیانی رەسەنی وڵاتەکەی بکات لە بەرامبەر داگیرکردنی وڵاتەکەیان و ئەو پێشێلکارانەی لە رابردوو بەرامبەریان کراوە وتی: نابێت نەوەی ئێستا لێپرسینەوەی بەرامبەر بە کاری نەوەی رابردوو لە گەڵدا بکرێت.

کەنەدا زۆرترین قەرەبوو

لە کەنەداش پەیکەری یەکەم سەرەك وەزیرانی وڵات جۆن مەکدۆناڵد شکێنرا, بەهۆی سیاسەتی پڕ لە زەبرو زەنگی بەرامبەر بە هاوڵاتیانی رەسەنی کەنەدا, کە لە نێوان ١٨٦٣ بۆ ١٨٩٦ سەرەك وەزیرانی کەنەد بووە, بە زۆر ١٥٠٠٠٠ منداڵی لە هاووڵاتیانی رەسەنی کەنەدی لە خێزانەکانیان سەندووەو ناردویانیەتە ١٣٩ قوتابخانەی تایبەتەوە, لە بەشی ناوخۆیی زیندانیانی کردووە, زۆربەیان لەو ماوەیەدا ئەشکەنجە دراون, تەنانەت هەندێکیان مردوونە, ناوی ٢٨٠٠ کەسی لەو قوربانیانە ئاشکرا کراوە, زمانی رەسەنیان لێ قەدەغە کراوە و کلتوریشیان یاساغ کراوە, لە یۆنی ساڵی ٢٠٠٨ سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی کەنەدا ستیفن هاربەر لە بەردەم پەرلەمانی وڵاتەکەی داوای لێبوردنی لێیان کرد, هاوکات قەرەبووی قوربانیانیش لو کاتە لە روی مادیەوە کرایەوە بە ٢,٣ ملیار دۆلار.

٨٠٠٠٠ لەو قوتابیانە تا ساڵی ٢٠٠٨ لە ژیاندا مابوون.

قەرەبووکردنەوە لە کەنەدا بۆ هاوولاتیانی رەسەن تا ئێستا لە چەندین پرۆسەدا بەڕێوە چووە, لە قەرەبووی داگیرکردنی زەوییەوە تا قەرەبووی ئەو قوتابییە رفێنراوانە کە جینۆسایدی رۆشنبیری بەرامبەریان ئەنجامدراوە.

لە کۆتا رێکەوتندا لەگەڵ هاووڵاتیانی رەسەن لە یۆلی ٢٠٢٢ حکومەتی کەنەدی بڕیاری دا قەرەبووی ئەو مندالانە بکرێتەوە کە دوورخراونەتەوە لە خێزانەکانیان لە نێوان ١-٤-١٩٩١ بۆ ٣١-٣-٢٠٢٢, خۆیان و دایك و باوکیان دەگرێتەوە, قەبارەی قەرەبووەکە ٢٠ ملیار دۆلارە.

بۆ قەرەبووکردنەوەیان لە لایەن حکومەتی کەنەدییەوە, بڕیاردراوە هەر منداڵێك یان بەخێوکەرێك لەوانە لانی کەم بە ٤٠٠٠٠ دۆلاری کەنەدی قەرەبوو بکرێتەوە.

هاوکات بەشی دووەمی رێکەوتنەکە بە ١٩,٨١ ملیار دۆلار بۆ هەموارکردنەوەی بەرنامەی خزمەتگوزاری منداڵ و خێزانی گەلانی یەکەمی وڵاتە.

https://ici.radio-canada.ca/rci/ar/%D٨٪A٣٪D٨٪AE%D٨٪A٨٪D٨٪A٧٪D٨٪B١/١٨٩٥٧١٤/%D٩٪٨٣٪D٩٪٨٦٪D٨٪AF%D٨٪A٧-%D٨٪A٧٪D٨٪AA%D٩٪٨١٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٢-%D٨٪AA%D٨٪B٣٪D٩٪٨٨٪D٩٪٨A%D٨٪A٩-%D٩٪٨٦٪D٩٪٨٧٪D٨٪A٧٪D٨٪A٦٪D٩٪٨A%D٨٪A٩-٢٠-%D٩٪٨٥٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨A%D٨٪A٧٪D٨٪B١-%D٨٪AF%D٩٪٨٨٪D٩٪٨٤٪D٨٪A٧٪D٨٪B١-%D٨٪AA%D٨٪B٩٪D٩٪٨٨٪D٩٪٨A%D٨٪B٦-%D٨٪A٣٪D٨٪B٧٪D٩٪٨١٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٤-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪B٣٪D٩٪٨٣٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٦-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪A٣٪D٨٪B٥٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨A%D٩٪٨A%D٩٪٨٦

لە ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢, دادگای مافی مرۆڤی کەنەدی رێکەوتنەکەی رەتکردەوە بۆ قەرەبووکردنەوە.

https://www.alaraby.co.uk/society/%D٩٪٨٣٪D٩٪٨٦٪D٨٪AF%D٨٪A٧-%D٩٪٨٥٪D٨٪AD%D٩٪٨٣٪D٩٪٨٥٪D٨٪A٩-%D٨٪AD%D٩٪٨٢٪D٩٪٨٨٪D٩٪٨٢-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪A٥٪D٩٪٨٦٪D٨٪B٣٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٦-%D٨٪AA%D٨٪B١٪D٩٪٨١٪D٨٪B٦-%D٨٪A٧٪D٨٪AA%D٩٪٨١٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٢٪D٨٪A٧٪D٩٪٨B-%D٩٪٨٤٪D٨٪AA%D٨٪B٩٪D٩٪٨٨٪D٩٪٨A%D٨٪B٦-%D٨٪A٣٪D٨٪B٧٪D٩٪٨١٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٤-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪B٣٪D٩٪٨٣٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٦-%D٨٪A٧٪D٩٪٨٤٪D٨٪A٣٪D٨٪B٥٪D٩٪٨٤٪D٩٪٨A%D٩٪٨A%D٩٪٨٦

پاپا دادگاییکردنی رابردوو

پاپا لە رێکەوتی ٣٠-٧-٢٠٢٢ داوای لێبوردنی کرد لە بەرامبەر کۆمەڵکوژی مندالانی هاوولاتیانی رەسەنی ئینۆیت لە کەنەدا, کە منداڵاکانیان لە لایەن حکومەتەوە رفێنرا بۆ ئەوەی رۆشنبیری و بیرکردنەوەیان بگۆڕن, لەو پرۆسەیە زیاتر لە ٤١٠٠ منداڵ

مردوونە بەهۆی نەخۆشی و خراپی خواردنەوە لە کۆی ١٥٠٠٠٠ منداڵی رفینراو لە ١٣٩ ناوەند کە ٦٠٪ی لە لایەن کەنیسەوە بەڕێوە دەبردران, دابڕێندرابوون لە کەسوکارو زمان و رۆشنبیرییان.

دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی ٢٠٢١ لە دوو پرۆسەدا تەرمی ٢١٥ و ٧٥١ منداڵ لە قوربانییەکان دۆزرانەوەو هەندێکیان تەمەنیان کەمتر لە ٣ ساڵ بوو, ئەمەش کەنەداو جیهانی هەژاند.

ئینۆتەکان رەخنەی ئەوەیان لە پاپا گرت کە لە داوای لێبوردنەکەی باسی پەلاماری سێکسییەکانی نەکردووە کە بەرەو روی ئەو منداڵانە بۆتەوە.

هەروەها پاپا داوای لێبوردنەکەی بەناوی کەنیسەوە نەبوو, بەڵکە بەناوی هەندێ کریستانەوە کرد, وە پێویستە قەرەبووش بکرێنەوە, هەرچەندە پاپا رایگەیاند داوای لێبوردنکردن کۆتا رێگا نییە, بەڵکە سەرەتایە.

هەروەها سەرۆکی مەکسیك ئەندریس مانۆیل لۆبیز داوای لە ڤاتیکان و ئیسپانیا کرد دان بە پێشێلکاریەکان رابردوو بنێن و داوای لێبوردن بکەن بەرامبەر بە هاووڵاتیانی رەسەنی مەکسیك زیاتر لە ٥٠٠ ساڵ لەمەوپێش کۆمەڵکوژیکران بە شمشێر و خاچ, هەرچەندە پاپا داوای لێبوردنی لە هاووڵاتیانی رەسەنی ئەمەریکای لاتین کردووە لە بەرامبەر کۆمەڵکوژکردنیان.

تاوانبارە بەلجیکییە گەورەکەی مێژوو

تشارلز میشیل سەرۆك وەزیرانی بەلجیکا " ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٩" و کەنیسەی کاسۆلیکی داوای لێبوردنیان کرد بەرامبەر رفاندنی بە زۆری زیاتر لە بیست هەزار منداڵی بە بنەچە تێکەڵ لە ژنانی وڵاتانی بۆرندی و رواندا و کۆنگۆی دیموکراتی و پیاوانی بەلجیکی, تەنانەت دوای رفاندنیان زۆرینەیان ناسنامەی بەلجیکیشیان پێ نەدرا.

شای بەلجیکا لویس فیلیب لیوبولد ماری پەشیمانی قولی بۆ ئەو دڕندەییانە دەبڕی وڵاتەکەی لە کاتی داگیرکردنی کۆنگۆی دیموکراتی ئەنجامیان داوە, بە تایبەت لە سەردەمی لیوبۆلدی دووەم (١٨٦٥ و١٩٠٩ کە لە نێوان سالانی ١٨٦٥ بۆ ١٩٠٩ زیاتر لە ١٠ ملیۆنی لێیان کوشت و هەموو گەلەکەی کرد بە کۆیلەو وڵاتەکەشی کردە موڵکی تایبەتی خۆی, تەنانت باخچەی ئاژەڵانی مرۆڤیشی لە ماڵەکەی هەبووە, بە یەکێك لە دڕندەترین مرۆڤی مێژوو دێتە ژماردن. ئەو پەشیمانی دەربڕی نەك داوای لێبوردنی فەرمی بکات, پەیکەری ناوبراو لە ٢٠٢٠ لە شاری ئەنتوێرب و غێنت و ئۆستند و ترفۆرنی نزیك برۆکسل سوتێنراو خراپکران.

الاعتزار عن الاستعمار-بشير عبد الفتاح

https://www.shorouknews.com/columns/view.aspx?cdate=٠٩٠١٢٠٢٣&id=٢٤٢b٧٤٠٨-٩e٦٢-٤٦٩٣-٨d١٠-٧fb٩١٩de٤af٩

https://www.bbc.com/arabic/world-٥٣٠٥٦٥٧٤

له ئەبرێلی ٢٠٠٠ گای فێر هۆفشتات سەرەك وەزیرانی بەلجیکا" ١٩٩٩-٢٠٠٨ " چوو بۆ رواندا و داوای لێبوردنی کرد, وتی بەناوی وڵاتەکەمەوە و بەناوی گەلەکەمەوە ودەچەمێمەوە بۆ قوربانیان و داوای لێبوردنتان لێدەکەم , لێرە بەرپرسیارێتی ولاتەکەم له بری دەسەلاتی سیاسی و سەربازی دەگرمە ئەستۆ .

بەلجیکا وڵاتی داگیرکەری رواندا بوو, له ٧ ی ئەبرێلی ١٩٩٤ پاش کوژرانی ١٠ سەربازی ئاشتی پارێزی بەلجیکی له لایەن چەکدارانی حکومەتی رواندییەوە بڕیاری دا بکشێتەوە له رواندا, رێگای بۆ بکوژەکان خۆش کرد تاوانی مەزن ئەنجام بدەن.

https://www.lesoir.be/art/au-nom-de-mon-pays-je-vous-demande-pardon-verhofstadt-j_t-٢٠٠٠٠٤٠٨-Z٠J٢VE.html

کۆمەڵگای جیهانی شەرمەزاری رواندان

کۆفی عەنان ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لەسەردانی بۆ رواندا لە ٦ و ٧-٥-١٩٩٨ دانی بە شکستی نەتەوە یەکگرتووەکان ناوە سەبارەت بە پرسی جنۆسایدی رواندا لە ساڵی ١٩٩٤ وتی "دەبێت، و دان بەوەدا بنێین کە جیهان لەو کاتەی خراپەدا شکستی بە ڕواندا هێنا". کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان نەیانتوانی ئیرادەی سیاسی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆبکەنەوە. جیهان دەبێ بە قووڵی پەشیمان بێتەوە لەم شکستە.

پەرلەمانی کەتەلۆنیا لە رێکەوتی ٢٦-٦-٢٠٢٢ , متمانەی گەڕاندەوە بۆ ئەو ٧٠٠ ژنە جادوگەرەی لە دەیەی یەکەمی سەدەی حەڤدە بەشێوەی دڕندانە کوژران, کە لە کەتەلۆنیاوە هەڵمەت دژیان دەستی پێکرد سەرتاپای ئەوروپای گرتەوە.

https://www.justiceinfo.net/en/٨٧٤٥٤-pardoning-witches-middle-ages-symbol-our-times.html

ساڵی ١٩٩٨  سەرۆك وەزیرانی نەرویج  داوای لێبوردنی لەو ١٠٠٠٠ منداڵە کرا کە لەو ژنە نەرویجی و پیاوە سەربازە ئەڵمانیانە کەوتنەوە, لە ماوەی داگیرکاری  دایك و باوکیان پەیوەندییان دانابوو, داوای لێبوردنی کرد لە خۆیان و دایکیان , کە ١٤٠٠٠ژن لەوانەی پەیوەندیان  لە گەڵ ئەڵمانەکان هەبوو زیندانی کران , وە ٥٠٠٠یان بۆ ساڵ و نیوێك ناچاری کاری سوخرە کران بێ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە

https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=٤٢٢٠

لە ساڵی ٢٠١٨  دانمارك داوای لێبوردنی لە غانا کرد, بەهۆی رۆڵی دانیمارکییەکان لە بازرگانی کۆیلەدا.

سەرۆك  وەزیرانی نەمساش سیباستیان کۆرتز داوای لێبوردنی کرد سەبارەت بە پێشوازیکردنی وڵاتەکەی لە سوپای هیتلەر.

داوای  لێبوردن لە ئەفریقا, ماندیلاش  کردی

لە سیرالیۆنیش لە ساڵی ٢٠١٠ سەرۆکی وڵات بە شێوەی فەرمی داوای لێبوردنی لەو ژنانە کرد کە قوربانی ململانێ چەکدارییەکان بوون.

ماندێلا داوای لێبوردنی لە قوربانیانی کردارە سەربازییەکان سەردەمی خەبات دژ بە ئاپارتاید کرد.

کەمبۆدیاو  تەیمووری رۆژهەڵات

لە کەمبۆدیا سەرباری ئەوەی ناوی قوربانیان لەسەر ماڵپەڕی دادگای نێونەتەوەیی کەمبۆدی بڵاو کرایەوە داوای لێبوردنیشیان لێکرا.

تەیموری ڕۆژهەڵات  گەڵ داوای قەرەبووی  ماوەی  داگیرکاری  کردووە لە دەسەڵاتی ئەندەنوسی لە پاڵ قەرەبووی پێشێلکارییە گەورەکان, ئەمەش بۆ گەلی کوردستان جێگای هەڵوێستەیە و پێویستە وانەی لێ وەرگرێت.

ئەردۆگان و داوای لێبوردنی ناتەواو

لە ٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١١, رەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك کۆماری تورکیا بە فەرمی لە بەرامبەر تاوانی جینۆسایدی دەرسیم لە بری دەوڵەتی تورك بە شێوەی

زارەکی داوای لێبوردنی کرد, بەڵام داوای لێبوردنەکان پێویستە بە نووسراوبن و بڕیاری فەرمییان بۆ دەربچێت و هەڵوێستەکان دوربن لە بەرژەوەندی سیاسی, لە ویژدانەوە دەرچوبێت.

ئەگەر مامەڵە وەك تاوان دەکات ئەوا پێویستە دان بە جینۆسایدی کریستان و ئێزیدی و ئەرمەنیەکانیش بنێت و کۆتایی بە سەردەمی نکۆڵی کردن بهێنێت, کۆتایی بهێنێن بەو جەنگە سەختەی لە بەرامبەر دەرخستنی حەقیقەتی یاسایی ئەو کۆمەڵکوژییانە گرتویەتییە بەر, ملکەچی حەقیقەتە مێژوییەکان بێت.

ئەردۆگان لە هەڵچوێستێکی تەواو دژدا بە توندی رەخنەی گرت لە نامەی ٢٠٠ ئەکادیمی و رۆژنامەنووسی تورکی کە لە ساڵی ٢٠٠٨ کە داوای لێبوردنیان لە ئەرمەنەکان کردبوو.

راستڕەوەکان دژ بە داوای لێبوردن

بە پێچەوانەی نموونەکانی سەرەوە حکومەتی راستگەرای پۆڵەندا سزای ٣ ساڵی دانا بۆ ئەوانەی پۆڵەندییەکان بە هاوبەش دادەنێن لە تاوانی هۆلۆکۆست و دان دەنێن بە رۆڵیان لە تاوانەکە, ئەمەشیان بە داکۆکی لە کەرامەتی نیشتمانی دانا, بۆخۆی ئەمەش داکۆکییە لە هاوبەشانی تاوانەکانی نازیەت.

هەمان هەڵوێست راستڕەوە نەتەوەییەکان هەیانە بەرامبەر بە پرسی داوای لێبوردن لە ئەمەریکا, بەلجیکا, فەرەنسا, ....... زۆر جێگای دیکە.

نموونەکان لە زیادبووندان

نموونەی زۆری دیکە لە بەردەستدان و نموونەکانیش هەمیشە لە زیادبوندان چونکە سەردەم سەردەمی داوای لێبوردن کردنە لە رابردووە تاڵەکان, سەردەمی بە مرۆڤ بوونە بەرامبەر بە دڕندەییەکان رابردوو, سەرەمی سارێژکردنەوەی ئازارەکانەو سەردەمی پێداچوونەی مێژووە.

داوای لێبوردنکردن بەشێك لە برینەکانی قوربانیان سارێژ دەکات, چاککردنی پەیوەندی گەلانی قڕکراو لەگەڵ دەوڵەتی بکەری تاوان تەنها بە داوای لێبوردنکردن و دادگاییکردنی تاوانباران و قەرەبووکردنەوەو زەمانەتی دووبارە نەکردنەوەی تاڵییەکان دەبێت, نەك بەناوچەوان ماچکردن و وتەی سۆزداری هەنووکەیی.

تەنها قەرەبوو خوێن باییە

دەبێت ئەوە بزانین ئەو قەرەبووە مادیانەی بە بێ یاسا و ئاشكراكردنی ڕاستییەكان و داوای لێبوردنكردن لە لایەن دەوڵەتی بكەری تاوانەوە دەبەخشرێت وەك خوێن بایی و هەوڵی كڕینی دەنگی قوربانیان تەمەشا دەكرێت لە بڕی سڕینەوەی رابردووی خوێناوی, كورد پێویستی بە خوێن بایی عێراق نییە, بەڵكە چاوەڕوانی ئەوەیە دەوڵەتی بكەری تاوان بە فەرمی لە رێگای بەرپرس و سەرۆكەكەیەوە بە بڕیاری فەرمی نووسراو بڕیار لەسەردراو داوای لێبوردنی لێ بكات.

ئەركی بەڕێز دكتۆر لەتیف رەشیدە لە ئێستادا

بەڕێز دكتۆر لەتیف رەشید كە هەنووكە لە سەروی فەرمەنڕەوایی ئێراقەوەیە ئەركە لەسەری بەمكارە هەڵبستێت, وەك ئەو سەرۆكانەی ئاماژەمان بە ناوەكانیان دا, بە ناوی دەوڵەتی عێراقەوە نامە بۆ یەك بە یەكی قوربانیانی جینۆساید و پێشێلكارییە زەقەكانی رابردوو لە كوردستان و عێراق بە تایبەتی و سەرجەم قوربانیان بە گشتی بە بێ جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی بە واژۆی خۆی بنێرێت, ئەمە وەك تاك, وەك نەتەوەش داوای لێبوردن لە كورد و توركمان و ئاشور و كلدان و شیعە و كریستان و ئێزیدی و سائیبەو شەبە و كاكەیی و .... بكرێت, هیوادارم بەم ئەركە هەڵبستن و هەڵەكانی تاڵەبانی و بارزانی و مەعسوم و ساڵەح دوبارە نەكەنەوە.

چاوەڕوانی نامەی جەنابی سەرۆك كۆمارین لە یادی جینۆسایدی هەڵەبجەو ئەنفال و فەیلی وبارزانی

چاوەڕوانین هەموو قوربانیانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و پێشێلكاری گەورە لە كوردستان و عێراق لە جەنابی سەرۆك نامەی داوای لێبوردنیان پێ بگات لە زوترین ماوەدا, بە تایبەت لە یاداوەری ٣٥ ساڵی تاوانی جینۆسایدی كوردستاندا, ئەوە گەورەترین پەیام و بەرزترین دڵنەوایی و چاكترین هەنگاوی پاككردنەوەی رابردووە, ئەگەر بەو ئەركە هەڵنەستن ئەوە بە ئەركی ئەخلاقی و ویژدانی خۆتان هەڵنەستاون لە كاتێكدا زانیاری تەواوتان لەسەر ئەو نموونانەی هەژمارم كرد لە مافی قوربانیان و رۆڵی قەرەبووكردنەوەو داوای لێبوردنكردن لە سارێژكردنی برینەكان رابردوو هەیبووە.

وەچەرخانە مەزنەکانی ولاتان  و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێویستی بە سەرکردەی ئاسایی باو نییە, بەڵکە بەوانەی تێرامانی دوورو ئازایەتی جێبەجێکردنیان هەیە. فەرموون لە یادا وەری ٣٥ ساڵەی تاوانی ئەنفال و هەڵەبجەدا, داوای لێبوردن بکەن.

٠٠٩٦٤٧٥٠٣٧١٤٦٢٠